سەماحەتی حەکیم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق دەخی سیاسی و ڕەوشی عیراق لە ناوچەکە تاوتوێ دەکات

بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەولەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز دکتەر فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرا لەگەڵ چۆنیەتی پتەوکردن ڕەوشی عیراق لە نزیککردنەوەی بەچوونەکان و بەشداری کردن لە سەقامگیری هەرەم.

بەڕێز حەکیم لەم چاوپێکەوتنە گرنگی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی ئێستای عیراقی دووپاتکردەوە و ئاماژەی کرد کەئەوە تیشکدانەوەی لەسەر ئەو سەقامگیرییە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەبێت بەتایبەتی لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە و جیهانیش، هەروەها ئەو وێنە ئەرێنییەی بەرز نرخاند کە لە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا سەبارەت بە دەخی ئەمنی و پیشکەوتنی بیناسازی پیشاندرا.
سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی سەقامگیری عێراق کەکەیەکە بە سەقامگیری هەموو ناوچەکە و داواشی کرد ئەو کیشە هەڵپەسەردراوانەی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم هەیە بەپێی دەستوور و پابەندی هاوبەش چارەسەر بکرێن، ئەوەش هاوسەنگی و کاری هاوبەش بەدی دەهێنێت.

بەڕێز حەکیم هیوای خواست کە دانوستاندنی ئەررانی – ئەمەریکی ئەنجامی ئەرێنی هەبێت کە ئەوەش بە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانە و داواشی کرد ولاتانی ناوچەکە پالپشتی ڕێکەوتنی گفتوگۆیەکان بکەن و زمانی گفتوگۆ بەسەر هەموو ڕەوەکی دیکە زاڵ بکەن..